## یەکێتی نیشتمانی بەکردەوە لەبەغدا ڕاسپاردەکانی بیکەر- هاملتون جێبەجێدەکات بەلاّم لە سلێمانی ڕێگا لە خۆپیشاندانی جەماوەری دەگرێت دژ بەم ڕاسپاردانە.

شەوی 2006/12/19 سێشەممە لەلایەن پارێزگاری سلێمانیەوە راگەیەنرا، کە ڕیگا نادرێت بە خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی دژ بە راسپاردەکانی بیکەر –هاملتون. چەندین کەسایەتیو دەستەو رێکخراوی جەماوەری لەشاری سلێمانی بڕیار بوو کە ئەمڕۆ رۆژی چوارشەممە 12/20 خۆپیشاندانێك بکەن دژ بە راسپاردەکانی بیکەر–هاملتون کە مەترسیەکی گەورەی هەیە بۆ سەر خەلکی کوردستانو چارەنوسی سیاسیان. ڕاسپاردەکان، خەڵکی کوردستان تەسلیم دەکاتەوە بە دەوڵەتێکی مەرکەزی سەرکوتکەری ئیسلامی–بەعسی. لەم خۆپیشاندانەدا بڕیاربوو خواستی جیابونەوەی کوردستانو پیکیهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ دروشمی سەرەکی خۆپیشاندەران بێت، بەلام یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕیگای پاریزگاری سلێمانیەوە ڕیگای لە مافی خۆپیشاندانی جەماوەری سلێمانی گرتو بەم پێیەش بەکردوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ جاریکی دیکە نیشانی دایەوە کە دژ بە ئازادی سیاسیەکانەو لەهەمانکاتدا دژ بە هەر هەوڵو خەباتیکی جەماوەرییە کە خەڵکی کوردستان تیایدا ئیرادەو بڕیاری سیاسی خۆیانی تیدا بەگەر بخەن.
ئەم بڕیارەی یەکێتی نیتشمانی کوردستان بەشێوەیەکی رۆشن ئەوەنیشان دەدات، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو ناسیونالیزمی کورد بەگشتی لە ناوەرۆکدا بەهیچ شێوەیك دژ بەم ڕاسپارادانە نیەو بەکردەوە لەگەلیدا دەیەوێت خۆی جوت بکاتو هەراوهوریای رەخنەکانی ئەم هێزانەو سەرانی ئەم هێزانە دژ بەم راپۆرتو ڕسپاردانە بەشێکی زۆری لە ترسی هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستانە کە 16 سالی رەبەقە بە پروپاکەندەی بێناوەرۆك بە لارییاندا دەبەنو لەلایەکی دیکەشەوە تەواوی هەولەکانیان بۆ ئەوەیە کە جیگاو ڕیگای دەسەلاتی خۆیان لەبەغدا لێیکەم نەبێتەوە. لەم نێوەدا بەتوندی دەوەستنەوە لە بەرانبەر بەرژەوەندیو خواستی خەڵکی کوردستان کە لەجیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆدا خۆی نیشان داوە هەروەك لەم بریارەی پاریزگاری سلیمانیدا بەشێوەیەکی رۆشن دەردەکەوێت.

**جەماوەری ئازادیخوازو نارازی کوردستان**

**جەماوەری ئازادیخوازو نارازی سلێمانی**

ئەم بڕیارو کردەوەی یەکێتی نیشتمکانی کوردستان پێویستە ئیدانە بکرێت. یەکێتیو ناسیونالیزمی کوردستان ماوەی 16 سالی رەبەقە خەڵکی کوردستان بەلاریدا دەبەن لەژیر ناوی "فییدرالیەتو ماددەی 140"دا کە لەوانەشەدا بەقەولی خۆیان "مایە پوچ" دەرچون. لەم ماوەیەدا بەجیا لەوەی کە چارەنوسی سیاسی ئیوەیان بە هەڵواسراوی ڕاگرت، گەوەرترین کوێرەوەریو مەئساتی سیاسیو ئینسانیان بەسەر ئیوەدا هێناوە، لە شەری ناوخۆوە بگرە تاکو دەگاتە پێش لەشەکری بۆ تەواوی وولاتانی ناوچەکەو لەهەمانکاتدا بەرانبەر بە ئێوەش جگە لەسەرکوتو زیندانی وتەقەکردن لەخۆپیشاندەرانو پێنەدانی کارەباو ئاوو بەنزین چی دیکەیان بۆ ئیوە نەهێناوە.
ڕاسپاردەکانی بیکەر– هاملتون، بەجیا لە پڕوپاگەندەو هەراهوریای سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار هەر ئێستا ڕیچکەی جێبەجێکردنی خۆی گرتۆتەبەر. سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان ئەوەتا بەکردەوە لەبەغدا خەریکی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانن، بەعسیەکانیان هێنایەوە، خەریکی پێکهێنانو دەمەزەرکردنەوەی هاوپەیمانیو تەحالفاتی کۆنەپەرستانەی خۆیان لەگەل هیزە ئیسلامیو قەومیەکاندا، لەگەل سوریا کە تا دوێنی ناویان دەبرد بە سەرچاوەی ناردنی تیرۆر سەفارەتیان داناوەتەوە، سەرۆکی حکومەتیکوردستان لەبەغدا لە بەرانبەر مەسەلەی تەسلیم کردنی بەرهەمی نەوتی هەریمەکان بۆ هەریمەکان بە مایەپوچی گەرایەوە بۆ کوردستان...بەلام بە ئیوە دەلێن "ملزم نین بەم راسپاردانە".
ئێوە پێویستە ڕیزی ناڕەزایەتی بەرحەقی خۆتان لەبەرانبەر ئەم ڕاسپاردانەی بیکەر –هاملتوندا هەرچی زیاتر یەکگرتوو ڕیکخراوبکەن، بەدەوری خواستی جیابونەوی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتێکی سکولارو ناقەومی. سەربەخۆی کوردستان پێوستە هاوکات تەواوی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی ئیوە مسۆگەر بکات لە دەستوریکدا کە تەواوی دانیشتوانی کوردستان لە کۆتو بەندەکانی ڕابوردوو رزگار بکات. ناڕەزایەتی ئیوە پێویستە زۆر ڕۆشن سنوری خۆی جیابکەتەوە لەو ناڕەزایەتیانەی کە هەر ئێستا بەرێکەوتوە دژ بەم ڕاسپاردانە دەیەوێت کە هەلومەرجەکە بگێڕێتەوە بۆ پێش بلاوبونەوەی ئەم ڕاسپاردانە واتە ئەو هەلومەرجەی کە هەر ئێستا وجودی هەیە. بەلاّم ئەوا 4 ساڵە حکومەتی درندەی بەعس روخاوە، چوارساڵە سەرانی ناسیونالیزمی کورد لە بەغدا دەسەلاتدارنو لەکوردستان حکومەتیان هەیە، چی بە خەلکی کوردستان بڕاوە؟! جگە لەسەرکوتو بەلاڕیدا بردنو تەسلیم کردنی ئیوە بە حکومەتی کۆنەپەرستی بەغدا کە لە کۆنەپەرسترین حکومەتانی ناوچەکەیە.

وەرن لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، خۆتان ڕێکخراو بکەن‌و ئەم حزبە پتەوو بەهیز بکەن. ئەمە تەنها ریگای رزگاری ئیوە لەم هەلومەرجە ترسناکەو بەدیهێنانی خواستی ئیوە لە پیادەکردنی ریفرانۆمێکی گشتی‌و ئازاد لە پێناو سەربەخۆی کوردستان‌و دامەزراندنی حکومەتێکی سکولاردا کە دانیشتوانی کوردستان لەسەرپایەی هاوولاتی بون پیناسە بکات.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/12/20